

idea بادینان محەمەد

**ژیانی ڤیکۆ:-**

**جیۆڤانی باتیستا ڤیکۆ لە ساڵی ١٦٦٨ لە ئیتاڵیا لە شاری ناپۆلی لە دایکبووە، بە گیامباتیستا ڤیکۆ ناسراوە، باوکی ناوی «ئەنتۆنیۆ دی ڤیکۆ»یە کە کاری کتێب فرۆشتن بووە، دایکیشی ناوی «کاندیدا ماسۆلۆ»بوو، ڤیکۆ لە تەمەنی حەوت ساڵی بەهۆی ئەوەی کە لە پەیژە دەکەوێتە خوارەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە خوێندن دادەبڕێ ماوەی ئەو سێ ساڵە ڤیکۆ خەریك دەبێ بە خوێندنەوەی کتێبێکی زۆر بە تایبەتی لە فەلسەفەو لاهوت، لە تەمەنی ١٨ ساڵی دەبێ بە مامۆستای کورانی «رۆکا» کە پیاوێکی دەوڵەمەند و بەناوبانگ بوو،**

# فەلسەفەی مێژوو لای ڤیکۆ



ڤیکۆ بۆ ماوەی نۆ ساڵ لە «ڤایتۆلا» مایەوە وەک مامۆستای تایبەت، لە ماوەی ئەم نۆ ساڵە کتێبێکی زۆری خوێندەوە بە تایبەت کتێبە کلاسیکەکان و لەم کتێبانە قوڵ دەبۆوە و شیکردنەوەی بۆ دەکرد، دوای تێپەڕ بوونی ئەو نۆ ساڵە گەڕایەوە نیشتمانی خۆی (ناپۆلی) و ژیانی هاوسەری پێک هێنا لەگەڵ» تیریزا دیستایتۆ» لە ساڵی ١٦٩٥. ڤیکۆ کاریگەر بووە بە (ئەفلاتون، تاکیتۆس، گرۆتیوس، بیکۆن)، هەروەها شارەزایی فەلسەفەی دیکارت بووە و دواتریش ڕەخنەی لێگرتووە بەوەی دیکارت ماتماتیک بە سەرچاوەی مەعریفە دادەنێت و ڤیکۆ مێژوو بە سەرچاوەی مەعریفە دەزانێت. ڤیکۆ خزمەتێکی گەورەی بە زانستی مێژوو کرد بەوەی لە ساڵی ١٧٢٥ کتێبی «زانستی نوێ»ی بڵاوکردەوە، کە لە پێنج بەش پێکهاتووە، لە ساڵی ١٧٣٤ بووە بە مێژوونوسی پاشای ناپۆلی دوای دە ساڵ لە ساڵی ١٧٤٤ کۆچی دوایی کرد.

**بۆ ئەم سەردەمە کە دواتر «مارتن لوسەر»وەك پاڵەوان دەردەکەوێت و ریفۆرمی ئاینی دەست پێدەکات، لەدوای ئەوانیش کەسانی تر دێن تاوەکو سەردەمی ڕۆشنگەریش وەك (ڤۆلتێر، جان جاك ڕۆسۆ...هتد) ئەمانیش وەك پاڵەوان دەردەکەون.**

خولاوخول لای ڤیکۆ:-

(هەوڵدەدات رەوتی گۆڕانی مرۆڤایەتی دیاری بکات واتا ئەو The new scienceڤیکۆ لە کتێبی «زانستی نوێ»)



نەفلاتون

قۆناغانەی کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕ بووە، تێڕوانینی ڤیکۆ لە سەر شارستانیەت بووە نەک دەوڵەت، ڤیکۆ پێی وایە هەموو شارستانیەتێک سەرەتای هەیە و کۆتایشی هەیە، لەدوای قۆناغی کۆتایی شارستانیەتەکە دوبارە نابێتەوە بەم شێوەیەی کە هەبووە، بەڵکو بە قۆناغی یەکەم دەست پێدەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی پێشکەوتوو، دەتوانین بڵێین مێژوو خۆی دوبارە ناکاتەوە بە شێوە رەهاییەکەی.

ناتوانین بڵێین ڤیکۆ بە دامەزرێنەری «خولاوخول» دادەنرێت چون تیۆری ئبن خەلدونیش جۆرێکە لە خولاوخول، بەڵام دەتوانین بڵێین ڤیکۆ خولاوخولی بەرەو پێشەوە بردوو پەرەی پێدا بە شێوەیەکی جیاواز لە ئبن خەلدون.

مەبەست لە وشەی«خولاوخول» سوڕانەوە (خولانەوە)ی ئەم سێ قۆناغیە کە ڤیکۆ پێی وایە رەوتی گۆڕانی مرۆڤایەتیە ئەمانیش (سەردەمی خوداوەند، سەردەمی پاڵەوانان، سەردەمی مرۆڤ) مرۆڤایەتی لە تێڕوانینی ڤیکۆدا بە سەردەمی خوداوەند دەست پێدەکات، ئینجا سەردەمی پاڵەوانان و بە سەردەمی مرۆڤ کۆتایی دێت، دوبارە دەبێتەوە بە سەردەمی خوداوەند، بەڵام بە فۆرمێکی جیاواز لە سەردەمی خواوەندی رابردوو و دوبارەبوونەوەی ئەم سێ قۆناغە پێی دەوترێت خولاوخول.

ئەم سەردەمانە لای ڤیکۆ بە ژیانی مرۆڤ دەشوبهێنرێت هێنری سەردەمەکانیش (منداڵی، لاوی، پیری)، سەردەمی منداڵی بەرامبەرە لەگەڵ سەردەمی خواوەندەکان کە مرۆڤ لەم سەردەمە خاوەن عەقڵیەتێکی سەرەتاییە، سەردەمی لاوی بەرامبەرە لەگەڵ سەردەمی پاڵەوانان کە لەم سەردەمە مرۆڤ حەزدەکات و هەوڵدەدات وەک پاڵەوان ناوبانگ دەربکات و خەڵکی بە چاوی گەورە سەیری بکەن، بەڵام لەسەردەمی پیری کە بەرامبەرە لەگەڵ سەردەمی مرۆڤ ئەم سەردەمە (پیری) ژیری مرۆڤەو لوتکەی کەماڵە، بەڵام ئەم ژیری باڵایە سەرەتایە بۆ لە ناوچوون تا دواتر مرۆڤەکە دەمرێت و لە سەردەمەکانی ڤیکۆش شارستانیەتەکە دەڕوخێت، بە سەردەمی خواوەندەکان دەست پێدەکاتەوە.

### -چاخە مێژووییەکان لای ڤیکۆ:-

### ١-سەردەمی خوداوەند

دەکرێ ئەم سەردەمە بە سەردەمی بەربەریەت بناسینەوە، لەم سەردەمەدا مرۆڤ دیاردە سروشتییەکان و مرۆییەکانیش خوا بە بکەری دەزانێت و هەموو شتێک دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو، بۆیە ئەوەی لەم سەردەمەدا مرۆڤ کۆدەکاتەوە باوەڕە، هەروەها لەم سەردەمەدا دیاردەی بە پیرۆزکردن هەیە بە نموونە (هاتنەدەری دانەوێڵە لە زەوی ئەمە وادەکات کە قوربانی بۆ خوداکان بڕیاربدەن و سروتە ئاینیەکان بە باشی جێبەجێ بکەن، لەم سەردەمە گیانی پاک و گیانی پیس بوونی هەیە و هەر دیاردەیەکی نەخوازراو لەم سەردەمە دەیگەڕێننەوە، بۆ غەزەبی خوداکان لە مرۆڤ، هەروەها

دیاردە خوازراوەکانیش وەک(باران بارین) کە سەرچاوەی کشتوکاڵە بـەرِازی بوونی خواکانی دادەنێن لە مرۆڤ، لەم سەردەمەدا زیاتر فەرمانرەوای وڵات پیاوانی ئاینی و کاهینەکانن ئەوان بە پیرۆز سەیر دەکرێن و گوێ بۆ قسەکانیان رادەگیرێ و بریارەکانیان دەبێت بە یاساو مرۆڤەکان پەیرەوی لێ دەکەن.

دەتوانین بڵێین سەدەکانی ناوەراست سـەردەمـی خـوداونـد بـووە بـەوەی کە بریارەکان لە دەستی پاپاو دەزگای ئاینی بووە و خەڵکی بە چاوی رێزەوە سەیریان کردوون و قسەکانیان جێگای باوەری خەڵکەکە بووە، پەیرەویان لە بریارەکانیان کردووە.

حکومەت لەم سەردەمەدا حکومەتێکی تیۆکراتی بـووە، کاهین و پیاوانی ئاینی دەسەڵاتداربوون و ئەوان یاسایان دادەناو خەڵکەکەش پەیرەویان لێ دەکرد، مرۆڤەکان لەم سەردەمە یەک جۆرە بیرکردنەوەیان هەبووە، بۆ نموونە هەمووان پێیان وابوو کە هەورە بروسکە غەزەبی خوایە لە مرۆڤ واتا دەکرێ بڵێین لەم سەردەمەدا کۆمەڵگای مێگەلی گوزەری کردووە بەبێ گەرانەوە، بۆ هیچ بنەمایەکی عەقڵی.

### ٢-سەردەمی پاڵەوانان

لــەدوای سـەردەمـی خـواوەنـدەکـان سەردەمی پاڵەوانەکان دەست پێدەکات، کە ئەم پاڵەوانانە دەبنە هۆی پێشکەوتنی رەوتی مرۆڤایەتی، ئەوانەی وەک پاڵەوان دەردەکەون (هونەرمەند، شاعیر، فەیلەسوف، یاسادانەر، سەرکردەی سەربازی جەنگ، پاشا) ئەم پاڵەوانانە ناویان لە مێژوو تۆمار دەکرێت، کاریگەریان دەبێت لەسەر خەڵکی ئەم سەردەمە، لەم سەردەمەدا دەسەڵات لە حکومەتێکی تیۆکراتیەوە دەگۆرێ حکومی پاڵەوانان و پیاوانی جەنگ، لە سەردەمی پاڵەواناندا ئەرستۆکرات حوکم دەکات. واتا چینایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، لەم سەردەمەدا پاڵەوانان زیاتر بە هێز جیا دەکرێنەوە وەک سەرکردەی سوپا یاخود کەسایەتی سەربازی بەهێز.

دەتوانین دۆزینەوەی ئەمەریکا لەلایەن کۆڵۆمبسەوە بە سەرەتایەک دابنێین، بۆ ئەم سەردەمە کە دواتـر «مارتن لوسەر»وەک پاڵەوان دەردەکـەوێت و ریفۆرمی ئاینی دەست پێدەکات، لەدوای ئەوانیش کەسانی تر دێن تاوەکو سەردەمی رۆشنگەریش وەک (ڤۆڵتێر، جان جاک رۆسۆ،...هتد) ئەمانیش وەک پاڵەوان دەردەکەون، بەڵام بە دەست پێکردنی شۆرشی فەرەنسی سەردەمی مرۆڤ دەست پێدەکات، تیۆرەکانی ڤۆڵتێرو جان جاک رۆسۆ وایـان کرد وەک پاڵەوان دەربکەون، بەڵام بە پراکتیزەکردنی ئەم تیۆرانە لەشۆرشی فەرەنسی سەردەمی مرۆڤ دەست پێدەکات.

> **ڤیکۆ پێیوایە هەموو مێژوونوسێك بە سەر شان و باڵی نەتەوەکەی خۆیدا هەڵدەدات و لایەنە باشەکانی دەخاتەروو و لایەنە خراپەکانی نابینێت، ئەمەش وا دەکات مێژوونوس توشی جۆرێك لە دۆگمایی ببێت.**

### ٣-سەردەمی مرۆڤ :-

ئـەم سـەردەمــە جـیـــاوازە لـەگـەڵ سەردەمەکانی تر، چونکە لەم سەردەمەدا باوەربون بە ئاین و دیـاردە سروشتیەکان نامێنێت، هەروەها سەردەمی پاڵەوانیش بەسەر دەچێت، بەڵکو لەم سەردەمە مرۆڤ وەک هاوڵاتی سەیر دەکرێت حوکمی وڵات دەبێتە دیموکراتی و رای زۆرینە قبوڵ دەکرێت و رێگا دەگیرێت، لە هەر جۆرە ستەمێک بەهۆی پراکتیزەبوونی یاسا، لەم سەردەمەدا مرۆڤ جەوهەری شتەکانە و

یەکسانی و دادپەروەری بەرپا دەبێت، ململانێی چینایەتی پێشکەوتنێکی زۆر بە خۆیەوە دەبینێت تا ئەو رادەیەی چینی پرۆلیتاریا زاڵ دەبێت بەسەر چینی ئەرستۆکراتی و جیاوازی لە نێوان تاکەکان نامینێت، هەروەها مۆرکێکی تری ئەم سەردەمە ئەوەیە کە مرۆڤ لە هەوڵدانە بۆ دەست بەسەر داگرتنی سروشت وە بەکارهێنانی لەخزمەتی مرۆڤدا.

دەتوانین شۆرشی فەرەنسی بە سەرەتای سەردەمی مرۆڤ داابنێین بەوەی کە چەمکەکانی هاولاتیبوون لەم سەردەمە بەرەو پراکتیزەبوون رۆیشت، ئاین و دیاردە سروشتییەکان کەوتنە باری شیکردنەوەو رەخنەوە کۆتایی بە سەردەمی خواوەند و سەردەمی پاڵەوانان هات.

ئەو سەردەمانەی باسمان کرد خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن و هەر سەردەمێک بە تایبەتمەندی خۆی جودا دەکرێتەوە، لە سەردەمەکەی تر، دەکرێ بڵێین سەردەمی خواوەندەکان بە سەردەمی ئەفسانەو خورافیات جیادەکرێتەوەو سەردەمی پاڵەوانان بە هێزو سەردەمی مرۆڤ بە چەمکی هاولاتیبوون جیا دەکرێتەوە.

## - رەخنەی ڤیکۆ لە مێژوونوسان:-

١- لەخۆبایی بوونی نەتەوەکان: ڤیکۆ پێیوایە هەموو مێژوونوسێک بە سەر شان و باڵی نەتەوەکەی خۆیدا هەڵدەدات و لایەنە باشەکانی دەخاتەروو و لایەنە خراپەکانی نابینێت، ئەمەش وا دەکات مێژوونوس توشی جۆرێک لە دۆگمایی ببێت.

٢- ڤیکۆ تێبینی ئەوەی کردبوو کە مێژوونوسان گەیشتوونە ئەو واقیعەی یەک دوو نەتەوە پەیرەوی لە یەک نەریت بکەن، ئەوا بێگومان نەتەوەیەکیان لە نەتەوەکەی تری وەرگرتووە، لەم سۆنگەیەوە ڤیکۆ سەرزەنشتی میسریەکان دەکات بەوەی کە پێیان وایە بیرۆکەی خواوەند (ژوپیتێر و پاڵەوانیان) داهێناوە.

٣- هەڵەی نزیکبوون: ڤیکۆ رەخنە لە مێژوونوسان دەگرێت بەوەی کە پێیان وایە ئەوانەی لەسەردەمی رووداوەکە نزیک بوون باشتر دەزانن بەهۆی نزیکیان لە رووداوەکە، لە سەردەمەی کە تێیدا ژیاون، لە کاتێکدا ئێمە نابێت بڕوای تەواومان بە کەسی گێڕەرەوە هەبێت.

٤- زیادەرەوی کردن و پێوەنانی مێژوونوس بۆ ئەو سەردەمەی توێژینەوەی لەسەر دەکات، بەوەی پێی وایە ئەو سەردەمەی ئەو توێژینەوەی لەسەر دەکات سەردەمێکی پرشنگدارەو بە گەورەیی و بەرزی دەینرخێنن، لە کاتێکدا ئەوان هەڵەن بەڵکو مەبەست لە توێژینەوە نیشاندانی سەردەمەکەیە وەک خۆی نەک گەورە و بەرزی سەردەمەکە.

سەرچاوەکان:

١-ڤیکۆو فەلسەفەی مێژوو (کامەران محەمەد)

٢-سروشتی مەعریفەو فەلسەفەی مێژوو (پ.د.موحسین محەمەد حوسێن)

٣-مێژوو لە تەرازوودا «فەلسەفە و لۆجیکی مێژوو» (عەبدولحسەین زەرینکوب) ، و: د.قادر محەمەد حەسەن، سۆران بها ئەحمەد.

٤-دەرزازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو (د.هاشم یەحیا ئەلمەلاح)، و:دەوەن حەسەن.